# بۆنەکانی دەشتی هەولێر

## بە نموونەی بۆنەی کارکردن و دەقە فۆلکلۆرییەکان

**پ. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**
کۆلێژی زمان، بەشی کوردی
زانکۆی سەلاحەددین
mawlud.hassan@su.edu.krd

**مەسعود عەبدوڵلا مستەفا**
قوتابی ماستەر لە زمانی کوردی
کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین
masoudabdullah32@gmail.com

**پوختە:**

هەموو گەلانی دونیا بۆنەی تایبەت بە خۆیان هەیە، گەلی کوردیش کۆمەڵێك بۆنەی تایبەت بە خۆی هەیە، لێرەدا مەبەستمان بۆنەکانی دەشتی هەولێرە، ئەوەش بە نموونەی بۆنەکانی کارکردن وەك (دروێنە، شەنەبا، دەورکردنەوەی گەنم و جۆ، ساوارکوتان، مەشکەژەنین، تەشی ڕێسی).

هەموو ئەم بۆنانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، هەندێك لە بۆنەکان ساڵانەن، بۆنەمان هەیە وەرزینە، کۆمەڵێك بۆنەشمان هەیە گشتینە، لە هەموو بەشەکانی کوردستان و دونیاش هەروایە.

بۆنەکان بەخۆشی و ناخۆشییان لە کوردستان تام و چێژێکی کوردەواریی تایبەت دەبەخشن. بۆنموونە کاتێك ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات لە نێوان کوڕ و کچێك، یان منداڵێك لەدایك دەبێ ، یاخود کەسێکی ئازیز لە دەستدەدەین، ئەمانە هەموو بۆنەیە و ڕێوڕەسمی تایبەت بە خۆیان هەیە.

دیارە ژیانی سادە و پڕ کۆششی دەشتی هەولێر وای کردووە، فۆلکلۆری ئەم دەڤەرە دەوڵەمەند بێت بە کۆمەڵێك بۆنەی تایبەتی و گشتی، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە تیشك بخەینە سەر هەندێك لەو بۆنانە.

وشە سەرەکییەکان: (دەشتی هەولێر، بۆنەکان، کارکردن، فۆلکلۆر).

## پێشەکی

کارکردن هۆکارێکی سەرکەوتنی مرۆڤە و هۆیەکی چالاك و زیندووە لە کۆمەڵگای کوردیدا ، لە دەشتی هەولێردا بەهۆی کەمی ئامێری کشتوکاڵ لە ڕابردوودا زۆربەی کارەکان بە دەست ئەنجام دراون وەك (دروێنە و شەنەبا و دەورکردنەوەی گەنم و جۆ و ساوارکوتان ، .....).

بەهۆیێ ئەوەی شتێکی کەم لەم بوارەدا نووسراوە و کەم ئاوڕی لێدراوەتەوە، ئەمە هۆکارێك بوو وای لێکردین، توێژینەوەکەمان بۆ ئەم ناونیشانەی سەرەوە تەرخان بکەین. بۆ ئەوەی لە ئاستی کۆشش و بنیاتی زمان و بیر و ریشەیی ئەو ڕابردووە تێبگەین.

ئەو ڕێبازەی لە توێژینەوەکەماندا پەیڕەومان کردووە، ڕێبازی وەسفی ـ شیکارییە.

بەهۆی کەمی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بوارە، دەستکەوتنی سەرچاوە کەمێك ئەستەم بوو. بۆیە هەوڵمانداوە کەسانی بە ئەزموون و پیر بدوێنین، کە ئەم جۆرە کارانەیان ئەنجامداوە.

پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە پێکهاتووە لە پوختە و پێشەکی ، دوو بەش و ئەنجام، لیستی سەرچاوەکان ، ناونیشانەکە بریتییە لە (بۆنەکانی دەشتی هەولێر بە نموونەی بۆنەی کارکردن و دەقە فۆلکلۆرییەکان).

بەشی یەکەم تایبەتە بە باسێکی بۆنەکان بە شێوەی تیۆری، لە چوار تەوەرە پکهاتووە، بەم شێوەیە: تەوەرەی یەکەم: پێناسە و چەمکی بۆنە، تەوەرەی دووەم: زمانی دەقی بۆنەکان، تەوەرەی سێیەم: ئەدەبیاتی بۆنەکان، تەوەرەی چوارەم: جۆری بۆنەکان و گرینگیان. هەموو ئەمانە باسکراون.

هەرچی بەشی دووەمە، تیشك دەخاتە سەر (بۆنەکانی کارکردن) لێرەشدا ئەو بۆنانەمان باسکردووە لە دەڤەرەکە ئامادەیی بەردەوامییان هەبووە . لەم تەوەرانە پێکهاتووە: (تەوەرەی یەکەم: کارەکانی دروێنە، تەوەرەی دووەم: شەنەبا، تەوەرەی سێیەم: دەورکردنەوەی گەنم و جۆ، تەوەرەی چوارەم: ساوارکوتان، تەوەرەی پێنچەم: دەستاڕ، تەوەرەی شەشەم: مەشکە ژەنین، تەوەرەی حەوتەم: تەشی ڕێسی) باسکراوە.

لە دوای ئەمانە توێژینەوە گەیشتۆتە چەند ئەنجامێك لە چوار خاڵ خراوەتەڕوو. لیستی سەرچاوەکان دوا بەشی توێژینەوەکەیە ، بەپێی ئەلف و بێی ناوی نووسەرەکان ریزکراوە.

## بەشی یەکەم

### تەوەرەی یەکەم: چەمك و پێناسەی بۆنە:

بۆنە لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژاری موکریانی بە واتای (هۆ، سەبەب، سۆنگە، بەهانە، بیانوو) هاتووە. (هەژار، ١٣٤٩ هەتاوی، ٨٤).

لە فەرهەنگی ( ئەناهیتا )ش بۆنە بە واتای (بەهانە، بۆ خاتری بیانوو، لەبەرمایە، هۆ) هاتووە. (ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی، یوسف ڕەشید).

لە فەرهەنگی خاڵ مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ بەم شێوە باسی بۆنەی کردووە: (بۆنە: هۆی شت: بە (بۆنە)ی تۆوە هاتم. (خاڵ،٢٠٠٥، ٣٨).

بەڵام لە ڕووی زاراوەییەوە: بۆنە هەموو یادەوەرییەکی شیرین، یان تاڵ، شادی یان کارەسات دەگرێتەوە، کە بە سووڕانەوەی ساڵ، بە دەوری خۆیان زەخت کەنەوە زۆرجار کۆڕ و ئاهەنگی تایبەتییان بۆ دەگێڕێ.

لەلایەکی ترەوە بۆنە بە واتای یادەوەری پیشە جۆراوجۆرەکانیش دێ، وەکو ئەو بۆنانەی بەهۆی دروێنە یان ساوارکوتان .... زۆری تر.

(خەڵك لە قۆناغێکی سەرەتایی گەشەکردنەوە، بۆنە خۆشەکان و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ناسیون).(الحداد، ١٩٩٥، ٧٨).

کاتێك مرۆڤ هاتۆتە سەر زەوی سەرەتا بە تاك ژیاوە، دواتر بە کۆمەڵ لە ئەشکەوتەکان ژیاوە، سەرەتا بیریان لە ئایین کردۆتەوە بۆ پاراستنی خۆیان و ئەو شتانەی دەستیان دەکەوت، کەواتە کۆنترین بۆنە، بۆنەی ئایینە.

تا وای لێهاتووە، بۆنەکان بوونەتە زانست. جەلیل القدرە و ژمارەیەك لە زانایان ئاماژەیان بە گرنگی زانستی بۆنە کردووە، دیارترینیان (الغفر الرازی) دەڵێت (زۆربەی وردبینەکانی قورئان لە ڕێکخستن و پەیوەندییەکان دادەندرێت) وێب سایتی www.hefzmoyaser.cor .

ئەلسویتی دەڵێت (زانستی ئەو بۆنەیە زانستێکی شەڕەفمەندە).

جەژن و بۆنەی ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان لە هزری ئیسلامیدا و کاریگەری عەقیدەییە بە جۆرێك ، کە فەرمانی حوکمی لەسەر پێویستی بە بوونی سوودێك هەیە، یان بە پەرچدانەوەی خراپەیەکی ڕەوا.

ابن عاشور لەبارەی بۆنەکان دەڵێت (واتایەك لە یەکێك لە کردارەکانی خەڵکدا، کە وا دەخوازێت ئەو کارە واجب بێت، حەرام بێت یان شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی پێدابێت). (وسو، ٢٠١٦، ٧٠).

بۆنەکان بۆ ئەدەبیات و شاعیران (دەرفەتێك بوو، بۆ ئەوەی هەست و سۆزی بیرکردنەوەی خۆیان بەتاڵ بکەنەوە، پێگە و دیدگای خۆی بۆ خودی ژیان و گەردوون پێناسە بکات.) (وسو، ٢٠١٦، ٨).

هەموو بۆنەکان گرنگی و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، کاتێك بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی یاد دەکەینەوە، پێویستمان بە ئامادەکاری دەبێت وەك: (ئەو خەڵکانەی دیاریان دەکەی بۆ بانگهێشتکردن، بودجەیەکی دیاریکراوی دەوێت، کات و شوێنی بۆ دیاری دەکرێت. لەگەڵ ئەو خواردنانەی پێشکەش دەکرێ، دانانی بەرنامەیەك بۆ یادەکە، ......).

کەواتە بۆنە خۆش و ناخۆشەکان کۆبوونەوەی خەڵکەکان و شوێنی دیاریکراو، ئەم بۆنانە لە ڕابردوو ڕوویانداوە، لە داهاتوو یاد دەکرێنەوە. وەك بۆنە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان (لەدایکبوون، هاوسەرگیری، جەژنەکان، نەورۆز، مردن،..... ).

**تەوەرەی دووەم: زمانی بۆنەکان:**

هەر بۆنەیەك شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ نموونە (شێوازی بابەتێکی زانستی جیاوازە لە شێوازی بابەتێکی ئەدەبی، یان یاسایی، یان دڵداری شێواز و پێشوازیکردن لە میوان جیاوازە، لە شێوازی دەرکردنی کەسێك). (شەمس، ٢٠٠٦، ٨).

هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە لە بۆنەکان ئەنجام دەدرێن تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، لە ڕووی زمانەوە جیاوازن، بۆ نموونە: کاتێك یادی بۆنەیەکی ماتەمینی دەکرێتەوە، زمانی گفتوگۆ و قسەکردنی جیاوازە لەگەڵ بۆنەیەکی لەدایکبوون. ئەو وشە و دەستەواژانەی لە بۆنە ماتەمینییەکان بەکاردێت دڵ خەمناك دەکات، مرۆڤ هەست بە بێزاری و بێ بەهایی ژیان و دونیا دەکات. بەڵام لە بۆنەیەکی لەدایکبوون نوێبوونەوە و دڵخۆشی دەبیسترێ.

کاتێك بۆنەیەکی سەربەخۆیی وڵات دێ، هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە بە ئاهەنگ و خۆشی بەشداردەبن. شێوازی قسەکردنیان بۆ پاراستنی نیشتیمان و خۆبەختکردنە بۆ نیشتیمان.

لەکاتی جەژنەکانی ئایینی لەگەڵ جەژنێکی نەتەوەیی نەورۆز لەمانەش شێوازی قسەکردن جیاوازە.

بۆ نموونە لە یادی کارەساتی هەڵەبجە دەگوترێ: (هەڵەبجە زامێکە و تیمار نابێت). ئەم زمانە زمانی حەسرەت و خەمێکی قووڵ چنیویەتی، هیچ ئومێدێکی نەهێشتۆتەوە، بەڵام لە بۆنەی ژنهێناندا، بە گەرمی پیرۆزبایی لە بووك

و زاوا دەکرێت، ئەوەی بەشدارە لە ئاهەنگەکە دەڵێ: (یاخوا پیرۆزی یەك بن، لەگەڵ یەك پیر و خەڕۆبن، بەختەوەر بژین،....).

دەبینین ئەم زمانە هەمووی ئومێد بەخشە، هەمووی لە دەروونی پڕ لە خۆشی دەرچووە، هەمووی پەیامی شادومانی هەڵگرتووە.

کەواتە هەر بۆنەیەك شێواز و زمانی قسەکردنی تایبەت بەخۆی هەیە.

**تەوەرەی سێیەم: ئەدەبیاتی بۆنەکان:**

مەبەست لە ئەدەبیاتی بۆنەکان، (ئەم گوتار و نوکتە و شیعر و پەند و کینایە و گوتە ئامادانەی سەر زارانن، کە لە هەر یەکە لەو بۆنانەدا دووبارە بوونەتەوە و بەردەوام دەوڵەمەندیش کراون، بۆ نموونە:

هەدروونە دروونە

دەسکێ داسم بە ڕوونە). (عەباس،٢٠٠٨ ، ٣٨)

ئەم هۆنراوەیە وەکو دەقێکی ئەدەبی دروونەکردن دروست نەدەبوو، ئەگەر ئەم بۆنە گشتییە بوونی نەبووایە.

یانیش:

هەیاران و مەیاران

یاخوا بیکاتە باران

بۆ فەقیر و هەژاران

ئەگەر جووتیار و تۆکردن نەبووایە، ئەم دەقەش دروست نەدەبوو.

یانیش دەقێکی وەك: ((ژنم دەوێ ژنانە پیستەی بکاتە هەمبانە)). (لەك،٢٠٠٦، ٣٦)

ئەو گوتە شیعرییەش، وەکو دەقێکی ئەدەبی دروست نەدەبوو، ئەگەر بۆنەی مەڕداری و بەرهەمهێنانی سپیەمەنییەکان بۆ بەردەوامبوونی ژیان بوونیان نەبووایە.

کەوابێ هەر بۆنەیەك ئەدەبێکی مەعقولی جوانی تایبەت بەخۆی بەرهەمهێناوە، بە هەموو ئەوەش دەڵێن خاوەنی فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندین.

**تەوەرەی چوارەم: جۆری بۆنەکان و گرنگییان:**

هەموو بۆنەکان لەناو کۆمەڵ ئەنجام دەدرێن. هەر بۆنەیەکیش گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئێمە پۆڵینی بۆنەکانمان کردووە بەم شێوەیە: بۆنەکانی ساڵ، جەژنەکان، شەوی بەرات، لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) مەولوودی نەبەوی، نەورۆز.

_ بۆنەکانی وەرزی، چوار وەرزەکەی ساڵ.

_ بۆنەکانی کۆمەڵایەتی: لەدایکبوون، ژنگواستنەوە، خەنەبەندان، مردن، شینگێڕی،.....).

_ بۆنەکانی کارکردن: وەك: دروێنە، شەنبا، دەورکردنەوەی گەنم و جۆ، ساوارکوتان، مەشکەژەنین، تەشی ڕێسی،....).

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بۆنە بۆتە زانستێك_ زۆر فراوانە_ بۆ هەموو شتێك بۆنەیەکی بۆ داندراوە، بە شێوەیەك لە هەموو جیهان پەیڕەودەکرێت.

وەك: بۆنەی ڕۆژی دایك، زمانی دایك، ڕۆژی منداڵان، باوکان، خوشکان، ڕۆژی پەرستاران، ڕۆژی نەخۆشییەکان بە گشتی، ...... ) هەر یەك لەم بۆنانە لەلایەن دەستەیەك و کۆمەڵەیەکی دیاریکراو یاد دەکرێتەوە.

# بەشی دووەم

## بۆنەکانی دەشتی هەولێر

دەشتی هەولێر دەشتێکی پان و فراوانە، خەڵکەکەی ماندوون، بە بەردەوام کاریان دەکرد، تاوەکو بژێوی ژیانی خۆیان و منداڵیان دەستبخەن. هەموو بۆنەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە، هەموو بۆنەکان تێکستی تایبەت بەخۆیان هەیە، هۆنراوەی فۆلکلۆری بێت یان حەیران و لاوك یان بەیت بێت. یان حەکایەت و بەسەرهاتی خۆش بێت. لە بەشی دووەم بۆنەکانی کارکردن وەردەگرین و باسی جۆری کارەکان دەکەین.

_ بۆنەکانی کارکردن:

**تەوەرەی یەکەم: دروێنە:**

لە کۆتایی وەرزی بەهار و سەرەتای وەرزی هاوین دەستدەکرا بە دروێنەکردن لە دەشتی هەولێر، جوتیارەکان لەگەڵ چەند سەپانێك دەستیان بە دروێنەکردن دەکرد، ژمارەی سەپانەکان چەند زۆربایە ئەوەندە باشترە بۆ کارکردن. زۆرجاریش بە هەرەوەزی هاوکاری یەکتریان دەکرد، سەرەتا جۆ دەدووراوە و دروونە دەکرا، دواتر گەنم.

ئەو ئامێرانەی بەکاریان دەهێنا بۆ دروێنە: (داس، قەرانگ، قەیناغ، مەرەغان، کارتیخ ....هیتر)، قەیناغ، لەسەر پەنجەکان دەکرا. ئەم قەیناغەش دوو جۆرە: (لە پێست دروستدەکرا، یان لە ئاسن دروستدەکرا). (شێخانی، ٢٠٠٣، ٣٠).

زۆر جار پیاو و ژن بەشدار دەبوون لەکاتی دروێنەکردن، پیاو لە پێشەوە وەك سەپان بەدەست درەویان دەکرد، ژنەکانیش لە دواوە گوڵەکانیان هەڵدەگرتەوە (تێلەگیشە یان گیشەکار)، بوون، دەسك دەسك بەرهەمەکە کۆدەکرێتەوە، گوریسێکی دەستیان شێوەی قولابی پێوەبوو، داسێکی بچووکیان

لەدەست بوو بۆ کۆکردنەوە، پێیاندەوت داسووکە، دەیانکردە (شەغرە) لەسەر پشتی وڵاخی بەرز دەیانگواستەوە بۆ سەر جۆخین. لەپێش نوێژی بەیانی دەهاتن، نوێژی بەیانیان لەسەر تەبارە دەکرد، دواتر دەستیان بە دروێنە دەکرد، تاوەکو چێشتەنگاو، یان چێشتان کاریان دەکرد، دواتر پشوویان دەدا، کەمێك خواردنیان دەخوارد، خواردنیان بریتی بوو لە هەندێك (دۆ یان قەسپ و پیاز لەگەڵ نان)، کۆتك بۆ ئاو و دۆ خواردنەوە بەکاردەهات، هەروەها کوندەیان دەبرد بۆ ئاوتێکردن و ساردبوونی ئاو دۆدان بۆ ئەو دۆیەی دەیانبردە پەرێز و دروێنەکردن.

کە داسەکانیان کول دەبوون، بە جۆرێك لە بەرد تیژیان دەکردەوە، ناوی بەردەکە (هەسان) بوو یان بە چەوری ڕۆنی حەیوان چەوریان دەکرد. سەپانەکان کڵاوی خوریيان لەسەر دەکرد، تاوەکو لە گەرمای ڕۆژ پیستی سەریان و دەموچاویان نە سووتێ.

سەختترین کار لە گوند دروێنەکردنە، ماندووبوونی زۆری تێدایە، مرۆڤی دەست و بازوو بەهێزی دەوێ، زۆرجار بەهۆی بەهێزیی سەپانەکان ڕکابەری دروستدەبوو، کامەیان زۆرترین ماوە پشتی بەرز نەکاتەوە، بەردەوام بێت لە دروێنەکردن، ئەو براوە بوو. هەندێك جار پشیەکیان دەدا ناویان دەنا (جغارە خۆرێك)* دواتر دەستیان دەکردەوە بە کارکردن.

ئەم کارە دروێنەکردن بە کۆمەڵ ئەنجامدراوە، تاوەکو کەمێك ماندووبوونی خۆیان لەبیر بکەن، لەگەڵ ئاوازی داس و قەیناغ و جۆری ڕۆشتنیان، گۆرانییان دەوت، دڵ و دەروونیان پێ ئارام دەبوو.

یەکێك لە پێشەوە گۆرانییەکەی دەوت ئەوانیتر لە دواوە دەیان وتەوە. ئەم جۆرە گۆرانییە لە هەموو کوردستان باو بووە، بەتایبەت لە دەشتی هەولێر. بەهۆی زار و بنزارەکەی تایبەتمەندی خۆی هەبوو.

*(جغارە خۆرێك). ئیدیۆمێکی دەشتی هەولێرە، بۆ وەستانی کاتێکی کورت، ماوەی پشوودان کورتە.

ئەمەش بەشێك لە تێکستەکانی گۆرانی دروێنەکردنە:

**دروێنەی گەنم .....**

هێ برا سەرێ من دێشی
کاکە سەرم زۆر دێشی
دەردێ لە درم دەرنایێ
دەردێ لە درم دەرنایێ
کانیێ سەید عوبێدی
کاکە لە بن کەنداری
ئاشقان دەستی لێ بشۆن
خانمەکی چەند نازداری
ئەو کەریم و ستینە.**
چەند ئاشقی یەکدینە... (فیچەری رووداو ٢٠٢٠، ٣٧)

یاخود هەندێك جار بە شێوازێکی تر گۆرانی دەڵێن، بە ئاوازێکی تر، پێهەڵدانیان بەسەر ئافرەتان دەبێت، بۆ نموونە:

سەری بەندانم ستییە          لەدوا بەندان ستییە
زەندی سپی پڕ بازن          وەك بالیفی مارییە
هەتیم وەرە مار ئێمە          بنێ لە من سەرییە
بابم چوویتە هەولێرێ          کاکم لە کن مەڕییە
ئەوان لە مارێ نەبن          داکیشم بێ قەیدییە
دەوم لە گەردەنی نا          دوو ماچم لێ کردیە.....

(شێخانی، ٢٠١٠، ١٧٣).

پاش ماندووبوونێکی زۆر و کۆتاییهاتن بە دروێنەکردن، جا بۆ هەر کەسێك بێت، پێویست بوو حەیوانێك سەرببڕێ، شیوەك بۆ سەپانەکان بکات، یاخود گۆشتەکەی دابەش دەکرد لە نێوان سەپانەکان، دەیانبردەوە، لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانی پێکەوە دەیانخوارد. (چاوپێکەوتن، کانەبی زاهیر، کۆلێژی زمان، ٢٠٢١/١١/١٤).*

*(هەموو چاوپێکەوتنەکان تایبەت بوو بەکارەکانی دەشتی هەولێر، ئەم جۆرە کارەیان کردووە)

**(کەریم و ستی دوو ئاشقی یەکتر بوون لە دەشتی هەولێر، مامۆستا عومەر شێخەڵلا دەشتەکی زۆر بەدرێژی باسی کردووە، لە کتێبی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی).

لەسەر جۆخینان بەهۆی جەنجەڕ بەرهەمەکە دەکوتراوە، تاوەکو گەنم یان جۆ تێکەڵی یەك دەبوون. جەنجەڕ ئامێرێك بوو بەرهەمی گەنم و جۆی پێ دەکوترا. منداڵێك یان ئافرەتێك لەسەر جەنجەڕەکە دادەنیشت، بە دوو ئاژەڵ جا کەر بێت، یان هێستر جەنجەڕەکەیان ڕادەکێشا. (جەنجەڕ لەم بەشانە پێکهاتووە، ١- حوشترۆکە، دارێکی چەند پارچە بوو لە شێوەی لەشی حوشتر بوو لەولاو ئەولای جەنجەڕەکە دەبەسترا. ٢- شێرۆکە، رووی پێشەوەی حوشترۆکەکە بوو. ٣- تیرەی حوشترۆکە. دارێکی پتەوی لوولەیی بوو هەردوو لای حوشترۆکەی لە رووی پێشەوە بەیەك دەبەستا. ٤- بپاڵتە: دوو تایەی لوولەیی نزیکەی مەترێك درێژ بوون. ٥- تۆپ: تەنها بە دارە لوولەکەی پاڵتە دەگوترا.) (قادر،٢٠٢٢، ٢٢٨)

لە کۆمەڵگای کوردی هەر کارێك ئەنجامی دەدەی دابونەریتی خۆی هەیە، دروێنەش کۆمەڵێك داب و نەریتی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ نموونە: کاتێك سوارێك بە میوانی دەهاتە سەر تەبارەی، گیشەکەر یان سەپان،

سوارەکەیان ڕادەگرت، کەمێك دۆیان پێشکەش دەکرد، دەبوو سوارەکەش لە پای ڕێزگرتنی بەخشیش یان خورما یان قەسپ وەك دیاری پێشکەش بکات.

هەندێك جار گیشەکەر ڕقی لە سەپان دەبۆوە، یاخود بە پێچەوانەوە روویداوە، ئەگەر هاتوو کەسێك لە کارکردن تەمبەڵ بووایە، کاری تریان پێدەکرد. هەندێك جاریش بەریەککەوتن لەنێوان سەپانەکان و گیشەکەرەکان دروستدەبوو، دەمەقاڵێ یان لێکیاندەدا.

هەندێك جار سەپانێك لە کارکردن زۆر ئازا بووە، لەکاتی کارکردن بەسەر سەپانەکانی تر دەسووڕاوە، ئەمەش شەرم بوو بۆ سەپانەکانی تر بەسەریدا بسووڕێنەوە.

زۆر جار وا ڕێکدەکەوت، دوو چینی دروێنەکردن دەبوون، هەر یەکەیان بۆ جوتیارێکی جیاواز کاریان دەکرد، پێیان دەوترا هاوپەرێز. پاش نیوەڕۆیان لە دروونە دەبوونەوە، یان چێشتانان کاتێك بۆ پشوو دەستیان هەڵدەگرت، دەڕۆیشتن بۆ لای یەکتری، زۆر جاریش یارمەتی یەکیان دەدا، پێیان دەوترا (زبارەی هاوپەرێز). (شێخانی، ٢٠١٠، ١٨٠).

**هەندێك زاراوەی تایبەت بە دروێنە:**

_ تەبارە: ئەو دەغڵەی تەواو پێگەیشتبێ هێشتا نەدوورابێتەوە.

_ بەر: دروێنەکردنی بەشێکی تەبارەی دەغڵ بەپێی توانای سەپانەکان.

_ دوورنە بە گاز: بریتی بوو لەو جۆرە دروێنەی، کە دوو کەس یان سێ کەس بە گۆرانی دروێنەیان دەکرد. پشتیان ڕاست نەدەکردەوە، هەتا خەتە دروێنەکەیان تەواو دەکرد.

_ بەرە دروونە: بریتییە لەو بەشە دەغڵەی، کە لەلایەن سەرپاڵە دابڕاوە.

_ سوارە، سواڵە: ئەو قامکە گەنم و جۆیە دووراوانەی لەناو دەست و پەنجەی سەپاندا، کە پڕ بە قامکی سەپانییە و دوایی دایدەنێتە سەر زەوی.

_ گیشەکەر: بەو ئافرەتە دەگوترا لە دوای (٤ _٥) سەپانان بوو سواڵەی خڕ دەکردەوە.

_ تێلەگەکێش: بەو ئافرەتە دەگوترا، کە گیشەی بە پشتی خۆی دادەدا و دەیهێناوە سەر جۆخین.

_ وشی: هێشوو: ئەو قلە گەنمە دووراوانەیە، لەدوای سەپان بەجێماون.

_ دەستەڕنە: ساڵ هەبوو باران کەم بوو، گەنم و جۆ باڵای زۆر کورت بوو، کەمیش شین دەبوو، جوتیار ناچاربوو بە دەستی بیڕنی بە خاوخێزانی، تاوەکو کەمێك بەرهەمی دەستبکەوێ.

_ بەرکوت: وادەبوو هەندێك جوتیاری خێزاندار باراشی لە سەرەتای دروونان لێدەبڕا و دەچوو لە(تەبارە)ی جۆ یان گەنم، بەقەدەر پێویست دەدووریەوە و بەگێرە دەیکوتا و بە بای دەکرد.

ئەمە بەرکورتی پێ دەگوترا ئەوجا دەیبردە ئاش، (مەلای ڕەش،٢٠١٢ ، ٥٧)

_ قەلەخەرمان: گەنمی رەشگوڵ لەکاتی قۆناغی شیری، هەندێکیان دروێنە دەکرد و دەیانکردە گورزە و گورزە گوڵەکانیان لەسەر ئاگر دادەنا و دەیانبرژاند، دوایی دەنکەکانیان لە قرچکەکان دەردەهێنا و دەیانکوتا و دەیانکردە شیو و دەیانخوارد. کەواتە قەرەخەرمان فەریکە دەغڵی ڕەشگوڵە. لە هەندێك فەرهەنگاندا، دەگوترێت، (فەریکە دەغڵی برژاو). (مەلای ڕەش،٢٠١٢ ، ٥٨)

_ زبارە: ئەگەر جووتیارەك نەخۆش بوایە یان دروێنەی دوابکەوتایە، پیاوانی گوند کۆدەبوونەوە و هاوکارییان دەکرد، بۆ دروێنەکردنی تەبارەکەی، ژنانیش هاوکارییان دەکرد. (چاوپێکەوتن، خەجیجە ڕەشید، ٢٠٢١/١١/١٥ هەولێر).

_ شەرت: گرێبەستی نێوان سەپان و خاوەن زەوییە، لە یەکەمین ڕۆژی دوورنەی تا کۆتایی دروێنە. جا داواکاری سەپان بیست یەکە لە دەغڵ و دانەکەیە. یان سواقدانی لەودە و خانووی ماڵە، ئەمانەش شەرتی خاوەن کار بوو. شەرتیش چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە:

_ شەرتی زستانە: هەشت مانگ، لە سەرەتای مانگی نۆ (ئەیلول) تا مانگی نیسان، کۆتایی مانگی (٤)، زیاتر بۆ جوتیارییە و کاری کێڵان دەکەن.

_ شەرتی هاوینە: چوار مانگە لە سەرەتای ئایار دەست پێدەکات تا کۆتایی مانگی ئاب. زیاتر بۆ سەپانییە.

_ شەرتی هەرات: تەواوبوونی ماوەی کارکردنی ڕێنجبەر لەلای ئاغاکەی (خاوەن کارەکەی). (نادر، پڕۆژەی بڵاونەکراوە).

**تەوەرەی دووەم: شەنەبا:**

دوای دروێنەکردن و گواستنەوەی بۆ سەر جۆخین، کوتانەوەی بەرهەمەکە بە جەنجەڕ. بەرهەمەکە و کایەکە تێکەڵ دەبوو. بۆیە جوتیار پێویست بوو، بەرهەمەکە شەنەبا بکات، تا لێکیان جیابکاتەوە. جووتیارەکانمان زۆر شارەزابوون، دەیانزانی چ شوێنەك بۆ جۆخین باشە، چونکە جۆخین نابێت شوێنێك بێت ناو دەشت و دۆڵ بێت، دەبێت شوێنەکەی تەخت بێت با بیگرێتەوە، هەندێك جار وابوو بای نەدەهات، دەبوو چاوەڕێی با بکەن. تاوەکو شەنەبای بکەن. کاتێك ڕۆژ خۆش بایە، بای بهاتبایە ، بە دوو کەس یان سێ کەس شەنەبایان دەکرد. ئەو ئامێرانەی لەم کارە بەکاریان دەهێنا بریتی بوو لە (شەنە) ئەمیش دوو جۆرە، یەکەمیان زۆر کۆنە، لە دار دروستکراوە بە هۆی سیرمەی پێستە بەشەکانی چەسپ کراون و پێشی دەڵێن سێلکە، ئەوەی دیکەیان نوێیە و لە ئاسن دروستکراوە، دوو کەس بەرامبەر یەکتر دەوەستن و وردەکە کە کاودانی تێدایە بە شەنەکان بە با دەکەن، بۆ پاککردنەوەی زیاتر

سەرەند و بێژنگ بەکاردەهات. ئەم کارەش گۆرانیی تایبەت بە خۆی هەبوو. مرۆڤ لە کاتی گۆرانی وتن دڵی ئارام دەبێت. هیلاکی لەسەر جەستە کەم دەبێتەوە. (چاوپێکەوتن، رەسول قادر، ٢٠٢١/١١/٨).

بۆ نموونە دەیانوت:

**(بایێ شەمار)**

بایێ شەمار بایێ شەمار چەن ڕەنگینە
دەیدا لە ڕەوسە و جۆخینە
گەلە گەرمە ئەو هاوینە
بایێ شەمار بایێ شەماری پایزە
دای لە هیزارێ ئازیزە
ئەورۆ کچەتیم لە من زیزە

بایێ شەمار بایێ شەمار بەو بوارێ
دەیدا لە گەرایێ دارێ
خەو خۆشە لەگەر نازدارێ

بایێ شەمار بایێ شەمار بەو زستانێ
دەیدا لە کێلێ کیستانێ
خەو خۆشە لەگەر گوستانێ (سوجادە،٢٠٢١، ١١١)

ئەگەر سەیربکەین، دەبینین، وەك گۆرانی دروێنە یەك ئەڵێ، ئەوانیتر لەدوای دەڵێنەوە، بەڵام ئاوازەکەی هێواشترە، یان خاوترە. لە هەموو گوندەکانی دەشتی هەولێر ئەم شێوەیە پەیڕەوکراوە، بە گوێرەی ڕادەی زیرەکیی مێشکیان

وشەی جوانتر و ناسکتریان بەکارهێناوە، بەهەمان ئاوازی خاو گۆرانی تریان وتووە، بۆ بای شەماڵ، هەریەکە و بە شێوازی خۆی گۆرانی وتووە، بۆ نموونە جار هەبووە بەم شێوەیە وتراوە:

کاکە بڕۆننە شەماری
کاکە بڕۆننە شەماری دەمەك دێ و دەمەك نایێ
دەیدا لە گورینگەی تۆری گوران دێننە سەمایێ
شازولفان دەهەژێنی لە بۆ کەیفی دونیایێ
سینگ قالیچەی خۆراسانێ لۆم هات لەلای بەغدایێ

(شێخانی، ٢٠١٠، ٣٨٨).

**تەوەرەی سێیەم: دەورکردنەوەی گەنم و جۆ:**

بە ژمێریاری دەشتی هەولێر بچووکترین پێوەر بۆ گەنم و جۆ (ڕوبە)یە، گەورەترینیش پێی دەگوترا (عەربە)، لەو نێوانەش پێوەرێکی تر هەبوو پێیان دەوت (قەزناغ).

یەك ڕوبە بە پێوانەی ئێستا (٩) نۆ کیلۆیە.

هەر یەك قەزناغ چوار ڕوبەیە.

یەك عەربە (٣٢) ڕوبە بوو، واتا ٨ قەزناغ.

ئەو کەسەی گەنم یان جۆی دەپێوا، پێیاندەوت (کەیار) لە وشەی (کیال)ی عەرەبی هاتووە. کاتێك گەنم یان جۆیان دەور دەکردەوە، ئەم دەورکردنەوەیە بۆ جووتیار زۆر پێویست بوو تا بزانی داهاتی چەندە، تاوەکو زەکاتی ماڵی خودای لێبدات، مافی خاوەن زەوی بدات، ئەوەی بۆی دەمێنێتەوە بۆ ماڵ و منداڵی بەکاری بهێنێ. بە گۆرانی ژمارەکانی دەگوت، بۆ نموونە روبەی یەکەم پڕ دەکرا، دارێکی بەسەر ڕووبەکە دەهات و ڕاست دەکرا و دەیگوت:

یێك بابم یێك یێك یێك
لە شەیتانی بشکێ نێك
نێکی لێ ببێتە سێ پێك
دوو بابم دوو دوو دوو
خوا یەکە و نابێ بە دوو
بەرەکەت بێ لەکنە توو
لە شەیتانی ڕەش بێ ڕوو
لێی بشکێ نێك و ئەستوو
سێ بابم سێ سێ سێ
بەرەکەت بکەوتە رەوسێ
خوا بدا و پێغەمبەر بنووسێ
حەسوود هەناوی بپسێ    (چاوپێکەوتن، عەباس نادر).

ئیتر بەم شێوەیە دەور دەکراوە، هەموو ژمارەکان بەم شێوەیە بوو، تا دەگەیشتە ژمارەی (١٣)، لەلایان ژمارەیەکی شووم بوو، دەیان وت زیادە، کاتێك دەگەیشتنە ژمارە (٢٠) دەیان وت داریە. دارییە بە واتای (٥) قەزناغ. لەو کاتە یەکێك لە سەپانەکان بە چەقۆ خەتی لە کلکە شەنەی دەکرد. پاش تەواوبوون خەتەکانی کلکە شەنەیان دەژمارد. (پڕۆژەی بڵاونەکراوە، عەباس نادر).

**تەوەرەی چوارەم: ساوار کوتان:**

دوای دروێنە و شەنەبا، ئیتر بەرهەمەکە ئامادەیە بۆ خۆراك، جا گەنم بێت یان جۆ. بۆ ساوارکوتان لە بەرهەمی گەنم دروستدەکرێ. ئەم کارەش بەم شێوەیە بوو، قۆرتەکی گەورەیان لێدەدا بە ئەندازەی سێ بۆ چوار تەنەکە گەنم بگرێ، چوار کەس بە کوتەك لێیاندەدا، دوو کەس دوو کەس بەرامبەر یەك

دەوەستان، کوتکی داریان پێبوو، دەسکی کوتەك یەك مەتر و نیوێك درێژ دەبوو، سەرکوتکەکە ئەستوور و گەورە بوو. لە ساوارەکەیان دەدا، جار جار ساوارەکەیان تەڕ دەکرد. زۆر جار ئەم کارە شەوان دوای نوێژی (عیشا) ئەنجامدەدرا، بە هەرەوەزی بوو، گەنجەکان کۆ دەبوونەوە، تا درەنگانی شەو بەردەوام دەبوون، کاتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد، لەلایەن خاوەن ماڵ هەندێك شتی سادە پێشکەش بە ئامادەبووان دەکرا، وەك چای، دۆ، یان قەسپ، ......هتد

جۆرێکی تر هەیە بەم شێوەیە بوو، ساوەر دەکرایە نێو جەواڵی قایمی لە موو دروستکراو، گەنجە کوتك بەدەستەکان لە دەوری جەواڵەکە کۆدەبوونەوە و بەدەوری جەواڵە گەنمەکە دەسووڕانەوە و بە نۆرە کوتکەکانیان دەوەشاند و گۆرانییان دەگوت.

ئەم کارە گۆرانی تایبەت بە خۆی هەیە، یەکێك گۆرانییەکەی دەوت، ئەوانیتر دەیان وتەوە، بە ئاوازێکی خۆش، دڵ و دەروونی مرۆڤی پێ ئارام دەبوو. بەم شێوەیە دەڵێن:

**ساوارکوتانەوە**

ئەو ساوارە گەنمی پارە
لۆ ئەو سارە کابان هارە
دەلێی دە هەی   دەبکوتە ئەی بیکە کا
ئەی بی دەبا   ئەی کیژ لێ نێ ئەی کوڕ بخوا
ئەو ساوارە چەند بێ کەسە
چەندی لێدەن ناڕێ بەسە، (سوجادە،٢٠٢١، ٣١٧)

جاری واش هەبوو ئاوازی گۆرانییەکەیان دەگۆڕی، بە شێوازێکی تر دەیانوت بۆ نموونە، لە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەزوەر کەریم لەك، ئەمیش بە گوڕ و تینێکی گەنجی بۆی باسکردم، بەم شێوەیە:

**ساوارکوتانەوە**

ئاوی غازر ورشە ورشە
گەر خۆی دەیبا دار و قرشە
ئاوی غازر هارە هارە
گەر خۆی دەیبا دار و بارە
مەمکێ یارێ وەك هەنارە (چاوپێکەوتن، ئەزوەر کەریم لەك).

جاری واش هەبوو زیاتر باسی ژن و جەستەی ژنیان دەکرد، کۆڕی کارکردنیان پێ گەرم دەکرد، بۆ نموونە:

چاوت وەکی چاوی ماری
خۆم لۆ هەردە سەر دیواری
ماچت دەکەم پڕ بەزاری
چاوت وەکی چاوی بۆقێ
لە دووت دەکەم گورگە لۆقێ
ماچت دەکەم در بترۆقێ
یا ئەڵلا، یا ئەڵلا (حەوێز_٢٠٠٨، ١٠٣)

لە کۆتایی وەرزی هاوین و سەرەتای وەرزی پایز گەنمەکەیان دەکوڵاند، دواتر هەریان دەخست بە تیشکی ڕۆژ وشك دەبۆوە، کابان دەبوو ڕۆژی دوو جار گەنمەکە تێکبدات، تاوەکو نەترشێ و تێکنەچێ، ئەوکات ئامادە دەبێت بۆ کوتانی ساوار، هەر لەو گەنمە ساوار و بڕووش و پیرخەنییان لێ دروستدەکرد.

**تەوەرەی پێنجەم: دەستاڕ:**

ئەم شێوازە کارکردنە تایبەت بوو بە ئافرەتان، هەندێك جار دوو ئافرەت، هەندێك جار یەك ئافرەت کارەکە ئەنجام دەدات، دەستاڕ بەم شێوەیە دروستکراوە: بەردێکی پان و ئەستوور لە ژێرەوە دادەندرا، لە ناوەڕاستی

نێركەكی هەبوو لە سەرەوە بەردێكی ئەستوور، ناوەڕاستی كون بوو، لەسەر یەكیان دادەنا، ئەوەی سەرەوە دەسكێكی داری هەبوو، ئافرەتەكان بەرامبەر یەك دادەنیشتن هەر یەكە و لایەكی دەسكی دارەكەی دەگرت، گەنمیان دەخستە ناوەڕاستی كونی بەردەكە، دەیان خولاندەوە، هێواش هێواش، تاوەكو گەنمەكەی دەهاڕی.

لەكاتی كاركردن ئافرەتەكان بۆ دڵخۆشی خۆیان هەندێك گۆرانی تایبەتیان دەوت، لەسەر هەمان شێوازی ئاوازی گۆرانییەكانی دروێنە و ساوار كوتان گۆرانییان دەچڕی، بۆ نموونە گۆرانی (دەستاڕ) دەڵێن:

دەستاڕ لە ماریێ كێ و كێ؟
گڕ گڕ لە كێ و كێ؟
دەستاڕ لە ماری مەلایە
گڕ گڕ لە ماری مەلایە
لە مەلاژنێ دەست بازن
كیژەكەیان كوڕ دەیخوازن (شێخانی، ٢٠١٠، ٧٠).

**تەوەرەی شەشەم: مەشكە ژەنین:**

لە پێستی ئاژەڵ دروستدەكرێ، بەتایبەت ئاژەڵی نێری، لە پێستی ئاژەڵی مێیە باشترە، هەندێك جار لە پیستەی گۆلك دروستدەكرا، كە ئاژەڵەكە سەر دەبڕا بە شێوەیەكی زۆر زانا گۆشتەكەیان لە پێستەكە جیا دەكردەوە، پاشان پێستەكەیان خۆشدەكرد، پاشان دەبێتە هەمبانە، ئەو هەمبانەیە دەكرێت بە كوندەی ئاو یان مەشكە، ئێمە مەبەستمان دروستكردنی مەشكەیە. چۆنیەتی دروستكردنی مەشكە، سێ داریان لە زەوی دەچەقاند و بەرزیان دەكردەوە پێیان دەگوت (سێ پێك)، هەر سێ دارەكەیان لە سەرەوە یەكیان دەگرتەوە، بە پارچە گوریسێك لە دارەكەیان دەبەستەوە كە شۆڕ دەبۆوە بۆ خوارەوە،

پێستەکەیان پێ دەبەستەوە. هەندێك ماست و کەمێك ئاویان لەناو پێستەکە دەکرد، سەری پێستەکەیان دەبەست، تاوەکو دۆیەکە و کەرەکە دروستدەبوو. ئافرەتەکان مەشکەکەیان دەژەنی لە بەرامبەر یەکتری دەوەستان. بەم شێوەیە دۆ و کەرەکەیان لێك جیادەکرانەوە. بەڵام لە گوندەکان زۆر جار لە بن هەیوانیماڵەوە دروستدەکرا، لە داری کاریتەکانی بنمیچی هەیوان هەڵدەخرا و دەژەندرا. (چاوپێکەوتن، رەسول قادر، نەخوێندەوارە، کاری کاسبییە). ئەم جۆرە کارە گۆرانی تایبەت بەخۆی هەیە ژنەکان دەیڵێن. بەڵام بە ئاوازی ئەو هەژاندنەوەی مەشکە گۆرانییەکانیان دەڵێن، بۆ نموونە:

**مەشکە**

هەی مەشکە مەشکە مەشکە
مەشکە مەشکەی بەرانی
دەیژینم لە تەلانی
نان و کەرەی شوانی (شێخانی، ٢٠٠٣، ١٢٥).

هەندێك جار ئافرەت بەسەر پیاو هەڵدەدا، چونکە گۆرانییەکان ئافرەت دەیڵێ، بۆ نموونە: لە مەشکە هەژاندن بەم شێوەیە باسی پیاو دەکات:

مەشکەم مەشکەی مانگایە
لۆلەپ لە دار خورمایە
لەبەر روونی هەرنایە
هەی مارێ بابم مەشکە
هەی عەمرو چاوم مەشکە
هەتیم دەستان مەبزێوە
بازن لە قۆڵم دەشکێ
ئاوی سیروان دەکێشێ

شان و پیلم پێ دێشێ
هەی ماریّ بابی من بێ..........(ئیبراهیم،١٩٨٤، ١٢٣)

**تەوەرەی حەوتەم: تەشی ڕێسی..**

ئەم جۆر کارەش هی ئافرەتە، یەك ژن ئەنجامی دەدات، کاتێك مەڕدارەکان مەڕیان دەبڕییەوە (جەوبڕیان پێ دەوت)، خوری مەڕەکانیان کۆ دەکردەوە، دواتر خوریەکە دەشوورایەوە، وشك دەکراوە، ئەو کاتانەی ئەو ئافرەتانەی لە ماڵ بوون و کاریان نەدەما، خۆیان بە تەشی ڕێسی خەریك دەکرد، خوریەکەیان دەڕێست، ئەو کات بۆ زۆر شت بەکاردەهات، وەك دەسرازەی منداڵان، جیخ دروستکردن، بەرماڵ و جاجم لەلای جۆلا دروستدەکرا. من پێم وایە ئەو پەندەی کوردیش هەر لەوە هاتووە، کاتێك دەڵێ (ڕیسەکەم لێ مەکە بە خوری). یەکێك کارێك ئەنجام دەدات، لە کۆتایی کەمێك کێشەی بۆ دروست دەبێت، خاوەن کار دەڵێت (ڕیسەکەم لێ مەکەوە بە خوری) لەم کارەش ئافرەت گۆرانی تایبەتی دەوت، بۆ نموونە:

**(تەشی ڕێسی)**

تەشی ڕێسی بە شلکە ڕانی
شۆی دەدایەوە بە گوڵ و ڕەیحانی
بۆ ڕانك و چۆغەری دەسگیرانی
تەشی دەڕێسی ورد باریکانی
شۆی دەدایەوە بە گوڵ و ڕەیحانی
بۆ کراس و کەواکەی دەستگیرانی (شێخانی، ٢٠١٠، ٣٥).

## ئەنجام

١_ بۆنەکانی کارکردن لە دەشتی هەولێر وایانکردووە، ئەدەبیاتێکی تایبەت بە زەوق و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی دەشتی هەولێریان دروستکردووە.

٢_ شیعر لەو ئەدەبیاتەی دەشتی هەولێر پشکی شێری بەرکەوتووە.

٣_ هەر ئەو ئەدەبیاتە بۆتە هۆی ئەوەی شێوەزاری دەشتی هەولێر لە فەرهەنگێکی زمانی ناوازە، قۆناغەکانی پێشکەوتنی خەڵکی پارێزیەتی ببڕێ و بە سەلامەتی خۆی بگەیەنێتە ئەمڕۆ، ئەگەر ئەو ئەدەبیاتە نەبووایە، ئێستا ئەو شێوەزارە دەچووە ریزی زمانە مردووەکان.

٤- کارکردن و دەقە فۆلکلۆرییە گۆرانییەکان هۆیەك بوون بۆ هەست نەکردن بەماندووبوون و کارکردن و بێزارنەبوون و زوو تەواو بوونی کارەکان.

### لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی:


١. ئیبراهیم ، شوکریە رەسول (١٩٨٤)، ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی بەشی دووەم. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین،
٢. حەوێز. شێرکۆ ئەحمەد (٢٠٠٨)، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە ٣٨، خاوەنی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر
٣. خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، وەزارەتی ڕۆشنبیری . هەولێر.
٤. سوجادە، زەینب خان مەلا خادم (٢٠٢١)، کۆمەڵێك هۆنراوەی فۆلکلۆریی کوردی دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە، چاپخانەی فێربوون، هەولێر.
٥. شێخانی، حاجی سعدالله (٢٠١٠)، (جۆخینی خەرمان) چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
٦. شێخانی، هەنگاو ئەنوەر (٢٠٠٣)، جۆرەکانی گۆرانی لە دەشتی هەولێر، ئینستیوتی کەلەپووری کوردەواری هەولێر.
٧. عەباس نادر، پرۆژەی بڵاونەکراوە.
٨. عەباس، محەمەد سلێمان (٢٠٠٨)، گۆرانی کارکردن و خاسیەتەکانی. ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٣٨).
٩. فەرهەنگی ئەناهیتا، ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنییە، یوسف رەشید سەرپەرشتی دەکات.

١٠. لەك، هۆشیار نوری (٢٠٠٦)، گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، چوارچرا، هەولێر.
١١. موکریان، هەژار (١٣٤٩) هەتاوی (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە و کوردی _ فارسی) چاپخانەی سروشت، تەهران.
١٢. مەلای ڕەش عەزیزی (٢٠١٢)، خورچەك ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،

**لیستی سەرچاوەی نامە ماستەرەکان.**

١- شەمس، هێمن عەبدولحەمید (٢٠٠٦)، شێوازو دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر زانکۆی کۆیە،
٢- وسو، عبدالله ابراهیم (٢٠٠٦)، الاعیاد والمناسبات الدینیة والاجتماعیة في الفکر الاسلامي واثرها العقدي، نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی.

**لیستی سەرچاوەی عەرەبی:**

١- الحداد، عبدالرحمن یحیی (١٩٩٥)، الاخلاقیات الاجتماعیة بالسلوك ، دار الشروق للنشر والتوزیع، عمان الاردن.

**لیستی وێب سایت.**

١- سایتی گۆگڵ www.hefzmoyaser.com.
٢- کەناڵی رووداو . بەرنامەی فیچەر لەسەر دروێنە کردنی گەنم بە داس، (رێکەوتی ٣.٧.٢٠٢٠)

**لیستی چاوپێکەوتنەکان:**

١- حاجی عومەر ڕەحمان، کەسێکی بە تەمەنە، ٢٠٢١/١١/5، گەڕەکی ڕۆشنبیری، نەخوێندەوارە، خۆی کاری دروێنەی کردووە.
٢- خەجیجە حەمەڕەشید، ٢٠٢١/١١/٢٠، کات ٩ی شەو، گوندی قەرەچناغە، نەخوێندەوارە، ژنی ماڵەوەیە، خۆی کاری دروێنە و مەشکە ژەنین و تەشی ڕێسی کردووە.
٣- ڕەسوڵ قادر ٢٠٢١/١١/٨ کات ١١ی بەیانی، پیشە کاسب، نەخوێندەوار، گەڕەکی ڕۆشنبیری، لە شاری هەولێر.
٤- عەباس نادر، ٢٠٢١/١٠/١١ گەڕەکی نەورۆز، هەولێر، کات ٣ی پاش عەسر، پیشەی مامۆستایە لە ئامادەیی کشتوکاڵ، لە شاری هەولێر.
٥- کانەبی زاهیر، ٢٠٢١/١١/١٤، کات ١٠ی بەیانی، کۆلێژی زمان، نەخوێندەوارە، خۆی کاری دروێنەی کردووە بە داس.
٦- مام ئەزوەر کەریم لەك، ٢٠٢١/١١/١٠، کات ٧ی شەو، شارۆچکەی دارەتوو، لە شاری هەولێر، نەخوێندەوارە، پیشەی جووتیارە، ئێستاش خەریکی چاندنی گەنم و جۆیە.

## الملخص

## مناسبات العمل في سهل أربيل -مناسبات العمل ونصها انموذجاً

هذا البحث محاولة للتعريف بالمناسبات وانعكاساتها على سهل أربيل.

من الشائع أن تحتفل الدول في جميع أنحاء العالم بالأحداث الخاصة بها ، والشعب الكوردي ليس مختلفًا. في هذا البحث يركز الباحث على أحداث سهل اربيل وهذا مأخوذ من مناسبات العمل مثل الحصاد وتنظيف غبار القمح ووزن القمح وسحق القمح إلى (كسكس) وخليط الحليب وغزل الصوف إلى خيوط.

قد تكون المناسبات نصف سنوية أو موسمية أو دولية قد تكون شخصية أو عامة، مثلا عندما يتم الزواج أو يولد طفل أو يموت شخص ما، سواءا كانت سعيدة أو حزينة، فإن كل المناسبات في كوردستان لها نكهة وطعم وطابعها الكوردي.

من الواضح ان الحياة البسيطة والهادئة في سهل أربيل قد أثر على التراث الشعبي للمنطقة من عادات والتقاليد الشعبية.

هذا البحث يتكون من المقدمة وفصلين، والخلاصة والنتائج وقائمة المصادر.

الفصل الأول نظري وهو مخصص لتعريف وتصور اللغة والثقافة وأنواع هذه المناسبات.

الفصل الثاني وهو تجريبي يبحث في أهم الأحداث في سهل اربيل. لقد أدت مناسبات العمل في سهل أربيل إلى خلق طريقة خاصة في التفكير وفهم خاص بالسهل وله دور كبير في الأدب من هذه المناسبات.

نتيجة لذلك، أصبح هذا الأدب وسيلة الحفاظ على لهجة سهل أربيل من خلال مراحل تطور حياة الناس و له دور كبير في ايجاد قاموس لغوي فريد. مكن الادب وثقافة هذه اللهجة من البقاء حتى يومنا هذا، وبدونهم كانت هذه اللهجة قد عفا عليها الزمن.


الكلمات الدالة (المناسبات ،العمل ، سهل اربيل ، الفولكلور)

# Abstract

## Occasions of the Erbil plain – work occasions and folklore texts as examples

**Massoud Abdullah Mustafa**

This thesis, titled "Occasions in Erbil Plain - Work Occasions as an Example", is an attempt to introduce the occasions and their cognitive impacts on Erbil Plain.

It is common for nations all over the world to celebrate their own events, and Kurdish people are no different. In this article the researcher is focusing on the events of Erbil Plain. And this is taken from work occasions such as harvesting, wheat-dust cleaning, weighing wheat, crushing wheat to couscous, milk churning, and spinning the wool into thread.

The occasions may be annual, seasonal, international, or they may be personal or public, such as when a couple gets married, a baby is born, or someone passes away.

Whether joyous or sorrowful, all occasions in Kurdistan have and provide a traditional Kurdish flavour and meaning.

It is obvious that the simple and effortful life in the Erbil plain has enriched the folklore of the area with several specific and general occasions.

The current study is consisted of the following sections; abstract, introduction, two sections, study results and reference list. The first section is theoretical which is specific to defining and conceptualizing the language, culture and types of these occasions. In the second section, which is empirical, the most important events in Erbil plain are illustrated.

The work occasions in Erbil Plain have led to creating a special way of thinking and understanding specific to Erbil Plain. Poetry has a major role in the literature of such occasions in Erbil Plain. As a result, this literature has become a means to preserve the Erbil Plain dialect through the phases of development of people as a unique lingual dictionary. Literature and culture have enabled this dialect to survive until the present day, and without them this dialect would have been an obsolete dialect.


Keywords. Erbil plain – occasions – to work - folklore